کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-6-2007 23:07بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# ڤیستیڤاڵی خەمە گەورەکان ... ڕووناک شوانی

که دەنگە ناسکە پڕ پاڕانەوەکەیم بیست ئاوڕم لێدایەوە یەکسەر وتی باجی توخوا لێم بکرە!!! کچێکی تەمەن حەوت تا هەشت ساڵە بوو، پاکەتێ بنێشتی بەدەستەوە بوو، لەچکێکی چڵکن و جلێکی شڕ و جووتێ پێڵاوی بچووکتر لە پێیەکانی لە پێدا بوو، بە چاوە گەشەکانی لێم ورد بووەوە ئەمجارە وتی: ڕەببی خوا منداڵەکانت لێ نەسێنێ ئەم بنێشتەم لێ بکرە!! ئەم دیمەنە بە درێژایی شەقامی جمهوری شاری کەرکووک و بازاڕەکانی تری کوردستان بە شوێنمەوە بوون. ڕیزە سندووقی منداڵی بۆیەچی بەر چایخانە ومزگەوت و شۆستەی جادە گشتییەکان و منداڵی عەلاگە و بەنزین و جگەرە فرۆش و مامەڵەی کرێار و دوکاندار و کۆمەڵگە بە گشتی لە گەڵیاندا هەموو ئەمانە جێگەی تێڕامان و بە خۆداچوونەوەی هەموو تاکێکی ئێمەن بە گشتی و دەسەڵات و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە تایبەتی، لەبەر ئەوەی هیچ دایک و باوکێک پێی خۆش نییە جگەر گۆشەکەی بخاتە سەر جادە بۆ کاسبی و پەیدا کردنی بژێوی ژیان گەر هەژاری و بێکاری و باری سەختی ژیان زۆریان بۆ نەهێنێ.
لە ڕۆژی جیهانی منداڵدا واتا لە (6/1) ەوە ڤیستیڤاڵێکی شەش ڕۆژی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد. گرتنی ئەم جۆرە ڤیستیڤاڵانە چالاکییەکی زۆر سەرنجڕاکێشە لە وڵاتێکدا کە هەموو هۆیەکانی ڕەفاهییەت بۆ منداڵان دابینکرابێت و هیچ خەمێکیان نەمابێ تەنها ئەوە نەبێ کە ڤیستیڤاڵیان بۆ بگیرێ، نەک گرووپێک منداڵی مەشق پێکراو بۆ ئەم جۆرە بۆنانە کۆبکرێنەوە و ئەوانی تریش لەبەر دەرگای شوێنی ڤیستیڤاڵەکە بە شەق دەربکرێن، یان منداڵی خەڵکی فەقیر و هەژار چاویان ئەبڵەق بووبێ بەدیار یارییەکانی ناو جامخانەی فرۆشگاکان و بینینی پلەیستەیشن و یاری کامپیوتەر و حەسرەت لە دڵە بچوکەکەیان پەنگ بخواتەوە. لە وڵاتێکی وەک نەرویژ و سوید کە ناوەکانیان لە سەری سەرەوەی لیستی ئاسوودەترین وڵاتن بۆ منداڵ نەمانبینی هیچ ڤیستیڤاڵێکی لەو جۆرە بگیرێ. ئاخر ئەو هەموو پارەیەی کە بۆ ئەو مەبەستە خەرج ئەکرێ لە کوێوە دێ و لە کام گیرفان ئەگیرسێتەوە؟ ئایا لەو ڤیستیڤاڵە شەش ڕۆژییەدا هەموو منداڵێک بۆی هەبوو بەشدار بێ؟ یان هەر ئاگاشیان لێنەبوو کە جەژنی ئەوانە و ڤیستیڤاڵ هەیە!! لەوەش خۆشتر لەو کەناڵە تیڤییانەوە کە هەر یەکەو حیزبێک بەڕیوەی ئەبات دیمەنە پڕ ئازارەکانی منداڵانی سەر شەقام و ڕیپۆرتاژ لەو بارەوە هاوشانی ڤیستیڤاڵ و ئاهەنگەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ بینەر ئەگوێزرانەوە و خەمخۆری بەرپرسان بۆ کێشەکانی منداڵانی کوردستان باس ئەکرا و قسەی بریقەدار و بەڵێنی بەرنامەی داڕێژراو بۆ ئاییندەیەکی باشتر ئەدرا، کەچی وەک هەموو مەلەفەکانی تر کە ڤیستیڤاڵ و ئاهەنگ تەواو ئەبێ دەست ئەکرێ بە بەرنامە دانان بۆ بۆنەیەکی دیکە و مەلەفی پێشتر ئەخرێتە ڕەفەی لە بیرچوونەوە و تاوەکو ساڵی داهاتوو تۆزی لێئەنیشێ ودواتر ئەخرێتە تەنەکەی خۆڵەوە. با نووسەران و ڕۆشنبیرانیش هەر ئەم باسانە بووروژێنن و لەم یادانەدا بابەت بڵاوبکەنەوە و سیمینار بگێڕن ورەخنە بگرن، دەسەڵات و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بە ڕێکخراوەکانی منداڵانیشەوە زۆر بە بێباکی و خوێنساردییەوە گوێی خۆیانی لێ کەڕ ئەکەن چونکە وەک پێشینان وتوویانە (قاز لە تەڕبوون ناترسێ) ئەو زاتانەش هێندە گوێیان بەو قسانە پڕ بووە ئیتر چ باکیان پێ نییە با هەر ڕەخنەیان لێبگیرێ.
کچە بنێشت فرۆشەکانیش ژمارەیان لە زیادبووندایە و ڕیزی بۆیەچی و جگەرەفرۆشەکانیش هەتاکوو دێت درێژتر ئەبن... ڤیستیڤاڵیش بەردەوامە.

ستۆکهۆڵم
2007/6/2
runakshwani@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.